# ئێراق: ناسنامەکان و ستراتیژی نەتەوەیی کوردستان (بەشی یەکەم)

**ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی**
**Ismail_rwandzi@yahoo.com**



ئەم نووسینە ئامانجی بەشداریکردنە لە فۆرمۆلەکردنی نموونەیەکی نوێ لە بیرکردنەوەی ستراتیژیانە بۆ پرۆژەی نەتەوەیی کوردستان، وە هەوڵدەدا لە پێناو دارشتنی تێگەیشتنێکی کوردستانیانە بۆ ستراتیژی نەتەوەیی لە چواچێوەی بەها بنچینەییەکان، کە مەوزوعیەتی زانستی و ئیلتزامی نەتەوەیی بە کێشەکانی نەتەوەی کورد پێکەوەگرێدەدا. وە هەروەها مەبەست لێی لێکدانەوە و نرخاندنی ئاڵوگۆرە بنچینیەکانی چەند سالی رابردووی ئێراقە لە پەیوەند بە بەرژەوەندیەکانی کوردستان و پرۆژەی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ رۆشنایی خستنەسەر ئاسۆی داهاتووەکانی.

نارۆشنی لە ستراتیژی نەتەوەیی لە باروودۆخی پڕ لە ئاڵوگۆری ئەمرۆی ئێراق زۆر کوشندەیە . بۆچی؟ چونکە ئەمڕۆ ئێراق لە سەردەمی بیناکردنەوە و پێناسەکردنەوەدایە وەک دەوڵەت و ناسنامە و دەزگاکان. دەبێ سەرەتا ئێمە وەک تاک و میللەت و هێزی نەتەوەیی ئەو پرسیارانە بکەین: ئایا ئێراق وەک ناسنامە و جوگرافیا لە کوێی پرۆژەی نەتەوەیی ئێمەی کورد وەستاوە ؟ بۆ ئێمە ئێراق چی دەگەیێنێ ؟ کام ئێراق ئێمە نزیک دەکاتەوە لە بەدیهێنانی خەونەکانمان؟ خەونەکانمان چی ؟ کێشەی ئێمە وەک نەتەوەی کورد لەگەڵ ئێراق چی بووە و چییە؟ کێشەی ئێراقییەکان لەگەڵ کورد وەک نەتەوە و جوگرافیا چی بووە و چییە؟ وڵامی ئەم پرسیارانە و هیتر یەکجار چارەنووسسازە لە رۆشنکردنەوە و فۆرمۆڵەکردنی پرۆژەی نەتەوەیی کوردستان.

ڕاستە ڕووخانی دەوڵەتی شۆڤینیستی عەرەبی بەعس و هاتنی ئەمریکا و ڕۆژئاواییەکان بۆ ئێراق یەکجار سوودبەخش بوو بۆ کورد، بەڵام ئێمەی کورد وەک نەتەوە و جوگرافیا تەنیا بەبوونی ستراتیژێکی نەتەوەیی ڕۆشن دەتوانین بەرهەمی ئەم رووداوەمان دەستبکەوێ ، وە لە داهاتووی ئێراق زیاتر و زیاتر پلەی سەربەخۆیی و سەروەری نەتەوەیی و سیاسی و جوگرافی بەدەستبێنی. من هەوڵدەدەم لەم نووسینەدا سەرخەتەکانی ئەم ستراتیژە نەتەوەییە ڕۆشنبکەمەوە.

## ناسیونالیزمی عەرەبی لە ڕوانگەی سووننە و شیعە

بۆ تێگەیشتن و دیاریکردنی هۆیەکانی مێژووی پر لە تراژیدیای گەلی کوردستان و ناسەقامگیری بارووودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری کۆمەلگای ئێراق، وە هەڕەشەی تێکچوون و خراپتربوونی وەزعی ئێستای ئێراق، ئەوا پێویستە، بێجگە لە ململانێی مێژوویی نێوان کورد و عەرەب لەسەر ناسنامەی ئێراق، چاوێک بخشێنین بە ململانێی مێژوویی سوننە و شیعە بۆ مەفهومی ناسیونالیزمی عەرەبی.

دەوڵەت و جوگرافیای ئێراق بەرهەمی ڕێکەوتنێکی ناپیرۆزی نێوان سەرکردە عەرەبەکان (بە تایبەتی سووننە عەرەبەکان)، کە ڕاپەڕینیان لە دژی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی ڕاگەیاندبوو، وە دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی ئەوکاتی بەریتانیایە. لە بنچینەدا مەلیکی یەکەمی ئێراق ( فەیسەلی یەکەم ) خەڵکی ئێراق نەبوو، بەڵام بەریتانیەکان، لەلایەک پێیانوابوو کە ڕابەرە سیاسی و ئایینیەکانی شیعە توندرەو جێی مەترسین بۆ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لێرەشەوە بە پێویستیان زانی کاریگەرییان کەمبکەنەوە لەسەر زۆرینەی شیعە مەزهەبەکان لە ئێراقدا، وە لەلایەکی تر بەهۆی متمانەپێکردن و دڵسۆزی مەلیک فەیسەل بۆ بەریتانیا، بە یارمەتی چەند ئەفسەرێکی پێشووی سووپای عوسمانییەکان کردیان بە مەلیکی ئێراق. لەو ڕۆژەوە ئیتر سوونندە عەرەبەکان بوونە میراتگری عوسمانییەکان لە ئێراقدا. بەڵام ئەوە هەموو چیرۆکەکە نییە چونکە لە بنچینەدا سوونندە عەرەبەکان بۆ جێگیرکردنی دەستهەڵاتی خۆیان سوودیان هەم لە مێژووی باڵادەستی ڕۆشنبیری و فەلسەفەی سوونیگەرایی عوسمانییەکان وەرگرت، وە هەم پاڵپشتی بەریتانیا و سەرکردە و لایەنە سوونیەکانی جیهانی عەرەبی و نەبوونی ڕابەرانی کارامە و بەرچاوڕۆشن لەناو شیعەکان دەوری چارەنووسسازی بینی.

ئەگەرچی شیعە عەرەبەکان و سوونندە عەرەبەکان هەمیشە خاوەنی بەرنامەی سیاسی جیاوازبوونە، بەڵام هەردووکیان زۆر بە توندی بەرگری لە یەکپارچەیی خاکی ئێراق دەکەن. لە کاتێکدا مەسەلەی یەکپارچەیی ئێراق بۆ سوونندە عەرەبەکان سەرچاوە دەگرێ لە ئایدۆلۆژیا و بیری یەکێتی و مەزنخوازی نەتەوە و نیشتمانی عەرەبی گەورە، ئەوا بۆ شیعەکان وانییە، شیعەکان پێیانوایە ئێراق مولکی ئەوانە و تیادا زۆرینەن بۆیە یەکپارچەیەکەشی گرنگە چونکە خەون بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی شیعەگەرایی و ئایینی گەورە و بەهێز دەبینن کە دەوری چارەنووسساز و یەکلاکەرەوە بگێڕێ لە ناوچەکەدا. بێگومان ئەم خەونەش، کە چەندین ساڵە ئایەتووڵاکانی شیعە هەوڵی بۆ دەدەن، نایەتەدی بەبێ دەستبەسەرداگرتنی خاک و سامانە نەوتی و سروشتیەکانی کوردستان .

دوای ڕووخانی ئیمبراتۆریەتی خیلافەتی عوسمانی و هاتنی بەریتانییەکان بۆ ئێراق سەرکردە سوونیەکان و ڕابەر و ئایەتووڵا شیعەکان ڕێکەوتن لە سەر دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق بە سەرۆکایەتی کەسێکی سوونندە، بەڵام شیعەکان پیلانی ئەوەیان هەبوو کە لەگەڵ دەرکردن و ڕۆیشتنی بەریتانییەکان دەست بەسەر دەوڵەت و دامودەزگا تەشریعیەکان دابگرن. ئەوەبوو ڕاپەڕین ڕوویدا، بەڵام ڕاپەرینەکەیان شکستی خوارد، سوونندە عەرەبەکان ئەمەیان بەهەل زانی بو بەدەستەوەگرتنی دەستهەڵات. ئەگەرچی بەشێکی بەرچاوی سوونندەش بەشداری ڕاپەرینیان دژ بە بەریتانییەکان کردبوو بەڵام بەهۆی نزیکی بیر و ستراتیژی سەرکردە سوونیەکان لە گەڵ بەریتانیا، وایکرد بەریتانییەکان متمانە زیاتر بە سوونندەکان بکەن، بۆیەش دەستهەڵاتیان بە تەواوی دایە دەست سوونندە عەرەبەکان.

کێشەی سوونندە و شیعە لە پاش دامەزراندنی ئێراق دەگەڕێتەوە بۆ دوو شت: یەکەم : کێ حوکمی ئێراق بکا؟ ، وە دووەم: تێگەیشتن بۆ چەمکی ناسیونالیزمی عەرەب . لە کاتێکدا سوونندە عەرەبەکان ئایۆلۆژیای سەرەکیان یەکێتی نەتەوەیی عەرەب بوو، ئەوا شیعە عەرەبەکان بەوپێیەی مەزهەبی سوونندە لە جیهانی عەرەبی زۆرینە و زاڵە ئەمەیان لە بەرژەوەندی خۆیان نەدەزانی، بۆیە شیعە عەرەبەکان زیاتر پێیان لەسەر ناسنامەی ئێراقیبوون و جوگرافیای ئێراق دادەگرت کە تیادا خۆیان زۆرینە بوون. ئەم جیاوازیەش لە مەفهومی سوونندە و شیعە بۆ ناسیونالیزم زۆر بە ئاشکرا هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئێراق دەردەکەوێ بە جۆرێک ڕابەرە شیعەکان دژایەتی هەوڵی حکومەتیان دەکرد بۆگەشەپێدانی وشیاری و بیری نەتەوەیی عەرەبی لە ئێراقدا، چونکە پێیان وابوو ئەمە فێڵێکی سوونندە عەرەبەکانە دژ بە شیعە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەستهەڵات. وە پێیانوابوو کە زۆربەی ئەوانەی ئیدعای "عروبە" و بیری ناسیونالیستی عەرەبی دەکەن لە بنچینەدا ئیراقی نین و سەر بە هوزە عەرەبیەکانی ئێراق نین. لە لاکەی تر سوونندەکان ئەم هەڵوێستەی ڕابەر و ئایەتولا شیعەکانیان کردە بەڵگە بەوەی کە شیعەکان دژایەتی "عروبە" و هەوڵی حکومەت دەکەن لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی دامەزراندنی نیشتمانێکی عەرەبی مەزنخواز و گەورە دوورتر لە سنوورەکانی ئێستای ئێراق. وە تەنیا بەمەش نەوەستان بەڵکو بۆ نشاندانی ترسی شیعە و مەزهەبی شیعە لەسەر مەفهومی ناسیونالیزمی عەرەبی، دەستهەڵاتدار و نووسەرە سوونندە و شۆفینیستەکان هەستان بە هەڵدانەوەی لاپەرەکانی مێژووی ئیسلام بەجۆرێک بۆ کەمکردنەوە لە ناسنامەی ئێراقیبوونی شیعەکان تاوانباریان کردن بەوەی کە شیعەکان نەوەی سەفەوییەکان (بنەماڵەیەکی شیعەی تورکمانی بوون

که فەرمانڕەوای ئێرانیان لە نێوان 1501–1722 زاینی کرد) و شعوبییەکانن (بزووتنەوەیەک بوو لە نێو میللەتی فارس و غەیرە عەرەبەکان سەریهەلدا لە دژی قۆرغ کردنی دەستهەلات لە نێو ئیسلام لە لایەن عەرەبەکان ) .

بە ڕۆشنی جیاوازی نێوان دوو قۆناغی ژیانی سیاسی ئێراق دەبینرێ لە پەیوەند بە ململانێی مەزهەبی و فیکری ناسیونالیستی نێوان شیعە و سووننە عەرەبەکان: قۆناغی یەکەم لە 1921، واتە ساڵی دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق، دەست پێدەکا تا ڕووخانی سیستەمی شانشینی لە ساڵی 1958، وە قوناغی دووەم لە ساڵی 1963 دەست پێدەکا تا ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عەرەبی شۆفینیست لە 9 نیسانی 2003. گرنگی دەست نیشان کردنی ئەم دوو قوناغە لەوەدایە، کە بۆ ئێمە ململانێ مەزهەبی نێوان شیعە و سووننە عەرەبەکان ناکرێ لە هەموو سەردەمەکانی ژیانی سیاسی ئێراق وەکو یەک چاولێبکەین. بۆ نموونە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق ململانێی مەزهەبی نێوان شیعە و سووننە عەرەبەکان بەرگێکی سیاسی ئاشکرا و دیاری نەپۆشی بوو، هۆیەکەشی ئەوەبوو، لەلایەک زۆربەی قوتابخانە فکری و سیاسیەکانی ئەو سەردەمە پێشبڕکێیان بوو لە ڕووی مۆدێرنیزمی سیاسی، وە لە لایەکی تر سیاسەتی ڕەوتی ناسیونالیزمی عەرەبی دەستهەڵاتدار و هاوپەیمانی کۆلۆنیالی ئینگلیزی، کە مەلیک فەیسەلی یەکەم نوێنەرایەتی دەکرد، هەوڵیدەدا جۆرێک لە هاوسەنگی نێوان شیعە و سووننەی عەرەب لە ئێراق بپارێزێ، ئەگەرچی دەوڵەتی شانشینیش دڵی بە بوونی کادری ئیداری و سیاسی شیعەکان خۆش نەبوو، بۆیەش زۆریان پەراوێز دەکران، کە ئەمش زۆرجار وایدەکرد ئایەتوڵاکانی شیعە بۆ بەرەنگاری کردن لە سیاسەتی پەراوێزکردنی شیعەکان لە دەزگاکانی دەوڵەت پەنا بۆ مەلیک فەیسەل و تەنانەت خودی ئینگلیزەکانیش ببەن. بۆیە مەبەستم نیە کە بڵێم فەلسەفەی ناسیونالیزمی دەستهەلاتداری ئەوکاتەش سوونیگەرایی نەبوو، چونکە زۆربەی نوخبەی سیاسی و ئیداری و سەربازی ڕژێمی شانشینیش پاشماوەی هەمان سیستەمی دەولەتی سوونیگەرایی خیلافەتی ئوسمانی بوو، کە زۆربەیان هەڵگری بیروباوەی عروبە و قەومییەی عەرەبی بوون، بەڵام ئەمەش دروست نیە جیاوازی نەبینین لە نێوان هەلسوکەوتی ناسیونالیزمی هاوپەیمان لەگەڵ ئینگلیزەکان و ناسیونالیزمی دژی ئیمپریالیستی و ڕادیکاڵی (کە لە ساڵی 1963 بە دواوە دەستهەڵاتیان گرتە دەست) عەرەبی سوونیگەرا بەرامبەر بە شیعەکان.

بێگومان مێژووی پەیدابوونی بزووتنەوەی قەومی عەرەبی وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی لە ناوچە عەرەب نشینەکان و لەو جوگرافیایەش کە دواتر ئینگلیزەکان دەوڵەتی ئێراقیان لێ دروستکرد، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەم. وەلی تا رووخانی ئیمبراتۆریەتی خیلافەتی ئوسمانی ئەم بزووتنەوەیە نەیتوانی بە شێوەیەکی کاریگەر لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی نیشان بدات . بە ڕووخانی ئیمبراتۆریەتی خیلافەتی ئوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لە لایەن ئینگلیزەکان ، ئەم بزووتنەوەیەش زەمینەی عەمەلی بۆ ڕەخسا کە بێتە مەیدان، پاش ئەوەی بۆ چەندین دەیە بوو لە پشت پەردە و لە تاریکیدا خۆی ڕێکدەخست. بەداخەوە چەمکی ناسیونالیزمی عەرەبی لە تەنیا خۆشەویستی بۆ نەتەوە و خاک و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی وردە وردە گۆڕا بۆ بیرو و ئایدۆلۆژیایەکی رەگەزپەرست و شۆفینیست، بە جۆرێک ئەم بیرە حاشای دەکرد لە بوونی جیاوازی مەزهەبی و مافی میللەت و نەتەوەکانی غەیرە عەرەب لە ناوچەکە و ئێراقدا. ناسیونالیزمی عەرەبی ڕادیکال لە سەرەتای چلەکانەوە هاتە مەیدان بە سوود وەرگرتن لە دواکەوتوویی ڕۆشەنبیری و بەهێزی هەستی نیشتمانپەروەری جەماوەر دژ بە کۆلۆنیالیستەکان، گرێدراو لەگەڵ بەهێزی مێژووی ڕەگ و ڕیشەی ڕاسیستانەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان. بەڵام نەیتوانی تا ساڵی 1963 بە تەواوی دەستهەڵات بگرێتە دەست، کە بە باوەری من ئەم ساڵە خاڵی دەستپێکردنی قۆناغی دووەمی ژیانی سیاسی یە لە ئێراقدا. بێگومان گەشەی ڕەوتی قەومی شۆفێنیستی عەرەبی بێ رەگ و ریشە و پێشینە نەبوو. بەڵام دەستهەڵات بەدەستەوەگرتنیان لە ئێراق بە هەموو پێوانەکان وەچەرخانێکی مێژوویی و قۆناغێکی نوێ و چارەنووسساز بوو لە دژی نەتەوە و پێکهاتەکانی ئێراق، لەوانەش نەتەوەی کورد بە تایبەتی. کە ڕۆشنیشە ئەم ڕەوتە نەک تەنیا چارەنووسی داهاتووی چەندین نەوەی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێراقی تازە دروستکراوی بەرەو هەڵدێر برد. بەڵکو خودی سەرهەلدانی بیری قەومی ڕەگەزپەرستی عەرەبی لە ئێراق وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی بووە یەکێک لە ڕێگرە سەرەکیەکانی بەردەم گەشە و دروستبوونی هەست و ناسنامەی ئیراقیبوون.

سوونە عەرەبەکان بە درێژایی مێژووی سەدان ساڵ لە ناوچەکانی عەرەب نشین، لەوانەش ئێراقی تازە دروستکراو لە لایەن ئینگلیزەکان، خاوەن دەستهەلات و باڵادەست بوون، بۆیەش تا ڕووخانی حیزبی بەعس هیچ کات هەستیان بە کەمایەتی و بێدەسەڵاتی نەکرد. ئەوان هەمیشە خاوەنی باڵادەستی و زۆرایەتیەکی چونایەتی بوون لە بەرامبەر زۆرینەیەکی چەندایەتی کورد و شیعە عەرەبەکان. ئەم باڵادەستیەش چەندین هۆکاری ئیداری ومێژوویی و سیاسی و

هاوسەنگی ناوچەیی و نێودەولەتی ڕایگرتبوو. بۆ نمونە زۆربەی کادری سیاسی و سەربازی و ئیداری کە بوونە کۆڵەکەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق، لە سوونە عەرەبەکان بوون، ئەمەش چونکە سوونە عەرەبەکان زۆرینەی پێکهاتی نوخبەی سیاسی دەوڵەتی خیلافەتی ئوسمانیان پێکدەهێنا، کە هەر ئەوانیش بوون دوایی بوونە هەڵگری پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی قەومی عەرەبی لە ئێراق، بۆیەش پەیدابوونی ڕەوتی قەومی عەرەبی و عروبی درێژکراوەی فەلەسەی سوونیگەرایی عەرەبیە. خۆ ڕاستە زۆرینەی شیعەکانی ئێراق بە ڕەگەز عەرەبن بەس بێگومان ناکرێ حاشا لە بوونی کاریگەری ڕۆشەنبیری ئێرانی و فارسی لە سەر کۆمەڵگای شیعەکانی ئێراق بکرێ. هەربۆیەش زۆربەی ڕەوتەناسیونالیستە عەرەبەکان و عروبیەکان بیری شیعەگەری بە بدعەیەکی فارسی و ڕێگر لەبەردەم پرۆژەی یەکێتی نەتەوەیی عەرەبی چاولێدەکەن.

زۆربەی شیعەکانی ئیراق بە ڕەگەز عەرەبن، بەڵام شیعەگەری لە ناو عەرەبی ئێراق تەنها بیرێکی ئایینی نیە. ئەگەر سەیرکەین دەبینین لە زۆر ڕووەوە کۆمەڵگای شیعەکان و سوونەکان جیاوازە . ئەم جیاوازیەش مێژوویەکی سەدان ساڵی هەیە، کە لە گەڵ بوونی زوڵمی مەزهەبی لە سەر شیعەکان بۆ ماوەیەکی درێژ و گاریگەری ڕۆشەنبیری ئێرانی و فارسی لە سەریان، گەشەیداوە بە دروستکردنی کەلێنێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و نەفسی قووڵ، لە گەڵ سوونە عەرەبەکان، کە کاتێکی دوور و درێژی لە تێکەڵبوون و ئاساییکردنەوەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوێ تا بتوانرێ ئەم کەلێنە پر بکرێتەوە. ئەم جیاوازیە مێژووییە لە نێوان سوونە و شیعەکان لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەی بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی ڕادیکال، کە زۆربەی ڕابەرانی لە نوخبەی سیاسی سوونە عەرەبەکان بوون، هانی شیعە عەرەبەکانی ئێراقیدا بگەرێن بەدوای ناسنامەیەکی سیاسی و مەفهومێکی جیاواز بۆ ناسیونالیزمی عەرەبی.

لە پێشدا وتم جیاوازی ئایدۆلۆژی و مێژوویی مەزهەبی شیعە و سوونە حاشا هەڵنەگرە، وەلی ئەم جیاوازییەی ئێستا لە ئێراقدا هەیە بەرهەمی گەشە و سەرهەڵدانی کۆمەڵێک بیرو ئایدۆلۆژیان کە بە تەواوی مۆری سەردەمیان پێوە دیارە. ڕەنگە زیدەڕۆیی نەبێ ئەگەر بڵێم ڕووخانی رژێمی شانشینی لە ئێراق خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی بوو لە گەشە و شکلپێدانی ڕەوتی سیاسی شیعەگەرایی و سوونەگەرایی، ئەگەرچی بنەمای فکری و ئایدۆلۆژی ئەم دوو ڕەوتە بێجگە لەوەی خاوەن رەگ و ڕیشەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بوون، وە دەمێکیش بوو پێش رووخانی ئیمبراتۆریەتی خیلافەتی ئوسمانی و دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لە پشت پەردە و لە تاریکیدا خۆیان ڕێکدەخست. بەلام ئەگەر سەیرکەین ئەم دوو رەوتە هاوسەردەم لەگەڵ رووخانی ڕژێمی شانشینی گەشەیەکی بەرچاویان کرد و ململانێی مەزهەبی نێوانیان بەرگێکی سیاسی ئاشکرای وەرگرت، بە جۆرێک قەومییە ڕەگەزپەرستەکان لە سەرەتای شێستەکان بە ئاشکرا بانگەوازی پاککردنەوەی ئێراقیان دەکرد لە ڕەگەزی غەیرە عەرەب و گومانلێکراو لە دلسۆزی و ئنتمائیان بۆ بیری عروبی . کە ئەمەش بێجگە لە کورد و بیری نەتەوەیی کوردستانی هێرش و گومانکردن بوو لە بیری شیعەگەریش لە ئێراقدا. پەیرەو کردن لەم سیاسەتە لەلایەن دەستهەلات و هێزە سیاسیە عروبیەکان لە دژی پێکهاتەکانی تری ئێراق وردە وردە ڕێگای خۆش کرد کە دوو ڕوانگەی جیاوازی شیعە و سوونەی عەرەبی بۆ ناسیونالیزمی عەرەبی ڕێرەوی خۆی بگرێ .

باسکردنی من لە جیاوازی ڕوانگەی هەریەک لە شیعە و سوونەی عەرەب بۆ چەمکی ناسیونالیزمی عەرەبی پەیوەستە بە گرنگی ئاگایی بوونی نەتەوەی کورد لەم جیاوازیە لە پەیوەند بە گەشەپێدانی پرۆژە و ستراتیژی نەتەوەیی کوردستان، ئەگینا گومان نییە کە هەموو ڕەوتە سیاسیەکانی سوونە و شیعەی عەرەبی، کە هۆکاری مێژوویی و ئایدۆلۆژی و بەرژەوەندی مەزهەبی دەوری بینیوە لە شکلپێدانیان، یەکدەست و هاوڕان، تا ئەوکاتەی دێتەوە لەگەڵ هاوسەنگی و ململانێی هێزەکان لە ئێراق و ناوچەکە، لە دژی مافەکانی نەتەوەی کورد و سەروەری سیاسی و جوگرافیای کوردستان .

– درێژەی هەیە –